سەرۆکی ئیسپانیا: ئاماژەیەکی هوون هەیە لە کیشوەری ئەورووپا بە دان بە دەوڵەتی فەلەستین

سەرۆک وەزیرانی ئیسپانیا، پەدرۆ سانچێز ڕۆژی هەینی ڕایگەیاند کە ئاماژەیەکی هوون هەیە لە کیشوەری ئەورووپا بە دان بە دەوڵەتی فەلەستین.

سەرۆک وەزیرانی ئیسپانیا لەمیانەی کۆنگرێسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕۆژی هەینی (12ـی نیسانی 2024) لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی نەرویج، جۆناس گار ستۆرە وتی: "ئێمە ئامادەین بە ئەوەی بە زووترین کات دان بە دەوڵەتی فەلەستین بنێین لە نزیکترین کاتدا و بە پەدانی ئەندامەتی تەواوی لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا".

پەدرز سانچێز جەختی لەوە کردەوە کە "پەویستە بگەینە ئاگربەستێکی بەپەلە لە کەرتی غەززە و ڕێگەدان بە دامەزراوە مرۆییەکان بە کارکردن بەبێ هیچ هەڕەشەیەک" و جەختیکردەوە لەوەی "ناکرێت ڕێگە بە هیچ توندوتیژی و کوشتنی هاوڵاتیانی مەدەنی لە غەززە بدرێت".

لەبەرامبەریشدا، سەرۆک وەزیرانی نەرویج جەختی لەوە کردەوە کە وڵاتەکەی ئامادەیە دان بە دەوڵەتی فەلەستینیدا بنێت و پشتیوانی لە ئەندامەتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان بکات.

شایەنی باسە، مانگی ڕابردوو هەریەکە لە وڵاتانی ئیسپانیا، ئەرلەندا، ماڵتا و سلۆڤینیا ڕایانگەیاند کە پێکەوە کار دەکەن بە دان پێدان بە دەوڵەتی فەلەستینی.